www.kurdistannet.org
5-11-2007 1:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وەلامێک بۆ رۆژا حوسێن لە بەردەم ئاوێنەیەکی روندا ... بەشدار رەواندوزی

وتارەکەی تۆم خوێندەوە کە لە ژمارەی 92 ی رۆژنامەی ئاوێنەتدا بڵاوکردۆتەوە لە رۆژی 2007/10/23 ی سێشەمە لەژێر ناونیشانی کاتێك لە وڵات دەجال هەڵدەستێت. ئەزانی هەموو ئاراستەی وتەکانت خەریکە پێچەوانەی تۆ هەنگاو دەنێ، ئەزانی خەریکە تۆش و قەڵەمەکەت بۆ مەرامی خۆتان دەجەنگن لەژێر پەردەی دەربڕین دا.

ناکرێ ئێمە هەمووکات قەلەمەکانی خۆمان تیژبکەین و لە دووڕەوە مقالەیەك بنوسین کە ئیتر تاریکی بەر روناکی بگرێت، لام وانییە کە تۆ هەوڵ بدەی ووشەی [ڕەوشەنبیر] لە هزری خۆتدا دروست بکەی و بەو هۆیەوە بتوانی بە مەرامی خۆت بگەی چونکە دارشتنی وتارەکەت هەم لە روی نوسینەوە هەم لەروی هەڵبژاردنی بابەتەکە نەشازە.

ئێمە لێرەدا دوو قەڵەمی سەرەکیمان هەیە. قەڵەمێکی پتەو قەڵەمێکی بێ هێز، بێ هێزی تۆ لێرەوە دەردەکەوێت کە هەرگیز نەت توانیوە دان بە راستیەکان دا بنێیت ولە هەڵەکانیش بگەی. ئێمە ئیمرۆ لە وولاتێکدا ئەژین کە هەموو سیما خراپ و چاکەکان غەرقی نێو روخسارە ڕەشپۆشەکان بوە. ئەمەش لەکاتێك دا کە تۆ لە جیهانی خۆتدا بێ ئاگای و غەرقی نێو مەرامەکانی خۆت بویت، تۆ ئیتر پاشەرۆژێکی ئارامت بۆ خۆت مسۆگەر نەکردوە تا بە ئاسودەیی تیایدا ژیان بکەی تۆ وا دایدەنێی بەم قسانە خەلکی دژی مەلا دەبن ئەمیش بە ناوی سادەیی خەلك، هەموو کەس چاك دەزانێ بۆ پاشەرۆژێکی ئارامتر کامە ڕێگا دەیبات؟ ئیتر نازانم تۆ ئەم ڕێگایە پێی ئەزانی یان نا؟!

بەلام گرنگ نیە بۆ تۆ! چونکە بە بۆچونی خۆت ئەو ڕێگایەی کە تیایدایت راستە، من وەک تۆ نیم کە خاوەن ڕۆشەنبیری بم و هەستی دەورو بەرم بریندار بکەم تۆ کە مەلا بە دەجال ناو دەبەی چاك بزانە کە ئەو مەلایەش بووە کە دایکت و باوکتی لێك حەلال کردووە، دیارە بە بۆچونی تۆ دەجال بووە! هەر ئەو مەلایەش بووە کە چەندین کەسایەتی گەورەی وەك مەلا مستەفای بارزانی و نالی ومەحوی وهەزارەهای تری پەروەردە کردووە کە ئێمە هەمیشە شانازیان پێوە دەکەین. ئەوەی جێی دڵ نەوایی بێت کە ئەم هەینیەی تێپەری ئەم مامۆستا بەڕێزە لەسەر میمبەری خۆی بووەو وەلامی هەموو ناحەزێکی وەك تۆی داوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.